The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

بەڕێزان: ڕۆشنبیران، هونەرمەندان، نووسەران، قوتابیان لە ناوخۆی کوردستان و دەرەوە

سڵاوێکی دڵسۆزانە

لە هەژدەهەمین ساڵیادی ئەنفالدا، کەمپینێکی سەرانسەری جیهانیمان ڕاگەیاندووە بۆ پشتگیری لە داواکارییەکانی ژنانی قوربانی ئەنفال.

ئەم کەمپینە بە نیازی سازدانی خۆپیشاندانە لە بەرواری 14-4 ڕۆژی ئەنفال بۆ بەردەم باڵوێزخانەکانی میسر لە دەرەوەی کوردستان، لە پێناو دیاریکردنی چارەنووسی ئەو 18 پاکیزە کوردە گەرمیانییەی بە میسر فرۆشران، تا دەگاتە تۆمار کردنی شکایەت لەسەر حکومەتی میسر لە بەرامبەر دانی چەکی کیمیاوی و هاوکاری سەربازی و سیاسی بە ڕژێمی بەعسی ڕوخاو.

بۆ ئەم مەبەستە داواکارین لە هەموو لایەك پشتگیری لەم کەمپینە بکەن، بە هەر شێوەیەك پێتان دەکرێت و لەبارە بۆتان لە بەشداریکردن و هاوکاری هەمەلایەنە (نووسین، سازدانی خۆپیشاندان، پەیوەندیکردن بە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەو وڵاتانەی تێیدا دەژێن، بەرهەمی هونەری، پەیوەندیکردن بە ناوەندەکانی مافی مرۆڤ و پارت و پەرلەمانەکانی ئەو وڵاتانەی تێیدا دەژێن) .

داواکارییەکانمان لە دەوڵەتی میسر:

-بە نووسراو هەوڵوێست لەسەر چارەنووسی ئەو 18 ئافرتە کوردە دەربڕن.

-بە هاوکاریکردنی ڕژێمی بەعس لە دانی چەکی ئاسایی و کیمیاوی پێی، هاوبەشە لە جینۆسایدکردنی گەلی کورد، بۆیە پێویستە حکومەتی میسر:

جینۆسایدکردنی گەلی کورد بە فەرمی بناسێت.

داوای لێبوردن لەگەڵی کورد بکات.

لە کاتێکدا ئەگەر وەڵاممان نەدەنەوە، ئەوا لە ڕێگەی پارێزەرەکەمانەوە کارەکەمان دەبەینە پێشەوە و بەردەوام دەبین تاکو داواکارییەکانمان بە ئەنجام دەگات.

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد-چاك
www. chak. info
chak_org@yahoo. com
0031616722541